www.kurdistannet.org
24-2-2003 22:06

# هاواری ناسیۆنالستی کورد له سوپای تورکیا، زەنگی مەترسیانە!

**عوسمان حاجی مارف**
ghafur@ukonline. co. uk

به باسی هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان، دەنگی نارەزایەتیەکی زۆر بەرزبۆتەوە، تا حیزبە کوردیەکان و رۆشنفکرانی ناسیونالستی کورد ترس دای گرتون و مەترسی له ناوچونی ئەزمونی دوو "حکومەتی دیموکراسی له کوردستان" دەبینین، هاواریان لێ هەلساوە و داوای فریا گوزاری دەکەن.

بەراستی داگیرکردنی کوردستان له لایەن سوپای تورکیاوە بەر له هەموو شتێ سامناکە بۆ سەر ژیانی تەواوی خەڵکی کوردستان و هەرەشەیەکی گەورەیە بۆ زیاتر وێرانکردن و فەلاکەت باری، بۆ زیاتر بێدەسەلات کردنی خەڵکی و دەوریان له دەسەڵاتی سیاسی و بێئێرادەکردنیان له دیاری کردنی چارەنوسی سیاسی خۆیاندا، دەبێت به هەموو تواناوە رێگەی پێ نەدرێت و بەری پێ بگیرێت، بەلام بۆ خەریکە ئەمە پێش دێت؟

حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق رای گەیاند هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق بە دژی دکتاتۆر و له ناو بردنی چەکی کیمیاویی نیه، شەرێکی ماڵوێرانکەرە و به قازانجی خەڵکی نییه، دەوڵەتی ئەمەریکا وەك زلهێزی دنیا و بۆ باڵادەستی بەسەر جیهاندا ئەم شەرە رێك دەخات، بۆ بالا دەستی بەسەر رۆژهەلاتی ناوەرست و پاراستنی بەرژەوەندیەکان له ناوچەکەدا، عێراق وێران دەکات و له هەموو لایەکەوە داگیری دەکات.

ئەحزابی ناسیونالستی کوردی تەواو به پێچەوەانەوە بانگەواز بۆ ئەم شەرە دەکەن، هەموو ئومێد و ئاسۆی سیاسی خۆیان گرێداوە به سیاسەتی شەرخوازانەی دەولەتی ئەمەریکاوە، مژدەی پەیامی دیموکراسی ئەدەن که بۆ خۆشیان باوەریان پێی نییه و خۆشخەیاڵی بلاو دەکەنەوە، خەریکن کوردستان دەکەنە مەیدانی جەنگ و پێش لەشکری بۆ هێزی ئەمەریکا دەکەن.

بەلام کاتێ رێکەوتنی ئەمەریکا و تورکیا و هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان ئەو واقعیەتە بەرەو روی حیزبە دەسەلاتدارەکان له کوردستاندا دەکاتەوە که مەترسی بۆ "ئەزمونەکەیان" دروست دەکات و ئەگەری کۆتاییانە، خەریکن پەلەقاژێ دەکەن و نازانن پەنا بۆ کوێ بەرن.

هەموو ئەو رۆشنفکرە ناسیۆنالستانەی به هەڵوێستی حیزبی کۆمۆمنستی کریکاری له سەر هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق نارازی و نارەحەتن، پێیان وایە حیزبی ئێمە واقع بین نییه و بەرگری دەکەین له مانەوەی حکومەتی عێراق، لایان وەهایە گرنگ ئەوەیە دەوڵەتی ئەمەریکا صدام له ناو بەرێت هەرچەندە سەدان هەزار ئینسان ببنە قوربانی، بەلام کاتێ کێشەکە بە هاتنی سوپای تورکیا جدی یەخەی ئومێدی کوردایەتی ئەو رۆشنفکرانە و حیزبە کوردیەکانیش دەگریتەوە هاواریان لێ هەڵساوە.

له گەل ئەوەشدا هێشتا رادەی بیر تەسکی و چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانیانە نەك خەلکی، بۆ بیرۆکەی کوردایەتی یانە نەك ژیانی ملیۆن ئینسان، بۆیە ئەزمەی ئەم وەزعە ناخەنەوە سەر دەورو سیاسەتی دەوڵەتی ئەمەریکا و چۆنیەتی بەرێوە بردنی نەخشەکانی له ناوچەکەدا، نایانەوێ بزانن هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان بەشێکە له سیاسەت و نەخشەکانی دەوڵەتی ئەمەریکا له هێرشی بۆ سەر عێراق.

بۆیە هەڵویستی ئەو بەرێزانە که له بۆچونی بەرژەوەندی حیزبە ناسیونالستەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، نەك چارەنوس و بەرژەوەندی خەلکی کوردستان، بۆچونێکە ناکۆك دەبێت، بەوەی له لایەك لایەنگری و پێشوازی له هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا و حاکمیەتی عەسکەری دەکەن لەبەر ئەوەی حکومەتی صدام دەروخێنێ، و لەلایەکی ترەوە داوا دەکەن سوپای تورکیا بەری پێ بگیرێت، نایانەوێ ئەوە بزانن دەوڵەتی ئەمەریکا بۆ بەرژەوەندیە سیاسی و ئابووریەکانی و بالادەستی بەسەر ناوچکەدا هەرچی بەزیانی خەلکی و ئومیدەکانی ئیوەش بێت دەیکات، هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان له هەمان چوارچێوەی نەخشەکانی دەوڵەتی ئەمەریکادایە و لەیەك جیا ناکرینەوە و بەشێکە له نەخشەی هێرشەکانی سوپای ئەمەریکا.

باشە بە پێی بۆچونی ئێوە بێت، دەبێ پێشوازی له هاتنی سوپای تورکیاش بکرێت تا ئەگەر ئەزمونی حکومەتەکانی ئێوەش له ناو ببرێت، چونکە بە بۆچونی ئێوە بە هەر قیمەت بێ گرنگ ئەوەیە حکومەتی صدام له بەین بچێت، ئەو جۆرە دکتاتۆرانە وەك ئێوە دەلێن بە جەنگ نەبێت له بەین ناچن، واتە چی تیایە گەر ئەزمونی کوردایەتیەکەی ئیوەش ببێتە قوربانی ئەو جەنگە و له ناوچونی صدامی دکتاتۆر، بەلام ئەوەتا بەدەمتان ئاسانە بڵیین سەدان هەزار له خەلکی عیراق ببنە قوربانی بەلام بۆ دوو ئەزمونی بن بەست و کۆنەپەرست گەورەترین زەنگی خەتەر لێ ئەدەن.

ئێمه رامان گەیاند هاتنی لەشکری ئەمەریکا بۆ کوردستان مەحکومه و بە قازانجی خەلکی نییە، که ئەم رێکەوتنەی دەوڵەتی ئەمەریکا و دەوڵەتی تورکیا راستی هەڵوێست و قسەکانی ئێمه دەسەلمێنێ و مەترسیەکانی زیاتر شێواندنی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان خەریکه دەست پێ دەکات و ناوچەی کوردستان به سوپای تورکیا کۆنترۆل دەکەن، ئەوەیە مانای هاتنی ئەمەریکا بۆ کوردستان که ئێوه پێشوازی لێ دەکەن.

بۆ نەفرەت و بەرگرتن له هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستان به ستایش و پارانەوە نابێت له دەوڵەتی ئەمریکا، بەڵکو رێگای واقعی پەیوەست بونه بەریزی بەرینی نارەزایەتی ئازادی خوازان و یەکسان خوازان و ئینسان دۆستان له جیهاندا به دژی جەنگی دەوڵەتی ئەمەریکا و بالأدەستی بەسەر جیهاندا. حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عێراق هێرشی دەوڵەتی ئەمەریکا بۆسەر عێراق و هێرشی سوپای تورکیا بۆ کوردستان به توندی مەحکوم دەکات و له بەرامبەریاندا رادەوەستێ.

بەرێزان زیاتر له 10ملیون خەڵکانی ئازادی خوازو ئینسان دۆست له تەواوی دنیادا هەروا به خۆرایی و له خۆوه نەهاتونەته سەر شەقامەکان و ئامانجیانه بەر بەم شەرە مالوێرانکەرە بگرن، گەر ئەم جەنگه رووبدات ئەوە ئاکامه تراژیدیەکانی هێندەی تر دنیا دەلەرزێنێ، و نەفرەت له دەوڵەتی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی دەبێتە ریزی سەدان ملیۆنی له جیهاندا، وە ئەوەش بزانن که بەدوای زیاتر شێواندنی وەزعی کوردستان ئەمجارەیان ریسوایی رابەرانی ئەحزابی ناسیۆنالستی دەسەلأتدار له کوردستان به جۆرێك دەبێت ئیتر ناتوانن لەکوردستاندا سەربەرزکەنەوە و ناشوێرن خۆیان له بەرامبەر جالیەی کوردی له دەرەوەی وولأتدا بۆ هەتا هەتایە دەربخەن.

**تێبینی کوردستان نێت**:

مەرج نیه ئەم نووسینه لـەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، که بۆچونه (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان به ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە. لـەگەڵ رێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم رێگەیە.

ئەم تێبینیه لـه ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت..... 15-1-2003